# ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی کۆتایی بە (ممنوع الدخول)و (الی الابد) دەهێنێت !!

گۆران عەلی

بزوتنەوەی ئازادیخوازی وەک بزوتنەوەیەکی زیندووی کۆمەڵایەتی و هەمیشە ئامادە لە کۆمەڵگادا ، لە پرۆسەی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا هەردەم لە هەوڵی داسەپاندنی (ئازادی بیرو باوەڕو ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری و نووسین)دا بووە ،لەم ململانێ و کێشمەکێشەدا قوربانی زۆری داوەو بە خوێنی باشترین لایەنگران و پارێزەرانی مێژوویەکی زۆر گەشی تۆمار کردووە .
لەو سەردەمانەوە کە زنجیر لە دەست و قاچی کۆیلەدا بووەو لە بازاڕدا فرۆشراوە تا ئەم سەردەمە کە زنجیرەکانی دەست و قاچی قرتاوەو دیسانەوە لە بازاڕدا وەک کۆیلەی کرێگرتە (بەڵام بە بێ زنجیر!) هێزی کاری خۆی دەفرۆشێت ، ئەم بزوتنەوەیە لە خەباتدا بووە ، بوونی هەبووە ، فشاری هەبووە لە هەوڵی داسەپاندنی ئازادی زیاترو زیاتردا بووە ، زنجیرێکی قرتاندبێت لە هەوڵی قرتاندنی زنجیرێکی تردا بووە ، لەم پرۆسە دوورو درێژو خەباتکارانەو زۆرجار خوێناوییەدا هەمیشە دەسەڵات و پارێزەرانی دەسەڵات (بە هەموو ناوو ڕەنگەکانیەوە) لە بەرەی توندکردنەوەی زنجیرەکانی دەست و قاچی ئەم بزوتنەوەیەدا بوون و بە پێچەوانەشەوە هەمیشە کرێکاران و بێبەشان و ستەمدیدەکانی کۆمەڵ لە هەوڵی قرتاندنی ئەو زنجیرانەدا بوون .
بەڵام بزوتنەوەی ئازادیخوازی هیچکات وەک ئەمڕۆو بە خێرایی ئەمڕۆ (لە ئاکامی شۆڕشی تەکنەلۆژی) دەسکەوتی گەورەی نەبووە لەم بوارەدا ، یەکێک لەو دەسکەوتە دەگمەن و گەورانە(ڕۆژنامەی ئازادو بێسانسۆری ئەلکترۆنییە ) کە خەریکە کۆچ و کۆڕەوی بە کۆمەڵی خوێنەرانی ڕۆژنامە کۆیلەو سانسۆرکراوەکان لە لایەن دەسەڵاتەوە دەکاتە دیاردەیەکی گشتی و بەرچاو ، کۆڕەوێک کە لە ساڵی 1990 بە دواوە لە ناوەوە بۆ دەرەوە (واتە بۆ ئەوروپا)لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەستی پێکرد ئەمڕۆ هەر لە ناوەوەو لە ناو خوێنەری ڕۆژنامەکاندا دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش بە ئاشکرا لە هەڵوێستی
پێنوسە کرێنوس و ڕۆژنامە سانسۆرکراوەکاندا ڕەنگ دەداتەوەو بە ئەندازەیەک لەم دیاردە بێزارن کە بوونی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی ئازادو بوێریان بۆ هەرس نابێت و لێرەولەوێ بە ڕۆژنامەی (زبڵ نووسین)و (نامەسئول)ی ناو دەبەن ، من ناڵێم سەرجەمی ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان گوڵ دەنوسن و گوڵاو پەخش دەکەن بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە نیگەرانی و گازەندەی ئەوان لەو ڕۆژنامە ئەلکترۆنیانە نییە کە خۆیان گوتەنی زبڵ دەنوسن بەڵکو بە پێچەوانەوە نیگەرانی ئەوان لەو ڕۆژنامە ئەلکترۆنیانەیە کە لە زەوی پڕ دڕک و داڵدا گوڵ دەچێنن و لە تاریکیدا تیشک دەخەنە سەر
بەندو بەستە سیاسی و ئابورییەکانی پشتی پەردە !
ئەم دەسکەوتە گەورەو گرنگە ،بە بڕوای من ، بەرهەمی ڕاستەوخۆی خەبات و ململانێی بزوتنەوەی ئازادیخوازی نییە لە کۆمەڵگادا بەڵکو ئومێدو ئارەزووی ئەو بزوتنەوەیە ، ئەمە بەرهەمی شۆڕشی تەکنەلۆژییە بە تایبەت لە بوارەکانی ئەنتەرنێت و پەیوەندی و گەیاندندا ، دیاری شۆڕشی تەکنەلۆژی و پیشەسازی تەنها بێکارکردنی کرێکاران و پیسبوونی ژینگەو داهێنانی چەک و تەقەمەنی کوشندە..... نییە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، بەڵکو ئەنتەرنێت و ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی (وەک چەکێکی کوشندەتر دژی ئەو دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا دۆگمانەی کە لەڕەخنەو بیروباوەڕی جیاواز دەسڵەمێنەوە!) کردە دیاری بۆ ئەو چین و توێژانەی

کۆمەڵگا کە مەحکوم بوون بەوەی بێجگە لە بیروباوەڕی باوی چینە دەسەڵاتدارەکان هیچ بیروباوەڕێکی جیاوازتریان پێنەگات !

چەندین ساڵی تری دەویست تا بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە پرۆسەی خەبات و ململانێی خۆیدا ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین بکاتە واقعیەتێکی چەسپاو ، زۆری دەویست تا خۆری بیرو باوەڕێکی گەش و ئینسانی بازگە پتەوەکانی دەسەڵات و پشکنین ببڕێت و سنورە تاریک و ترسنانەکان ببەزێنێت تا بگاتە دالانی ئەو مالانەی زەمەنێکە لە دەرگاکانیان نوسراوە (ممنوع الدخول) ، چەندین ساڵی تری دەویست لە خەبات تا کلیلی بیرو باوەڕی ڕزگاریخوازانە بگاتە ئەو کەلەپچانەی دەسەڵات لێینوسیبوو (الی الابد)، بەڵام لەمڕۆ بە دواوە ئەم هزرو بیرو باوەڕانە بە خێرایی با سنورەکان دەبڕن و دەگەنە ئەو ماڵانە ، دەگەنە ئەو شادەمارانەی کە پێویستیان بەم ئۆکسجینە هەیە ،هەرچەندە کێشەی مادی و نەبوونی سێرڤسی ئەنتەرنێت ڕێگرێکی کاتییە لە ئێستادا ،ئەگینا هەر بەوەندەی کەسێک چەند چرکەیەک لە پشتی کیبۆردێکەوە دابنیشێت و کرتەیەک بکات (لە تەنیشت دەسەڵاتداو بە ناوێکی خوازراوەوە یان دوور لە دەسەڵات و بە ناوی خۆیەوە) ،دەتوانێت ئەسپی خەیاڵی بەو شێوە تاو بدات کە خۆی دەیەوێت ، دەتوانێت باوەڕو ئایدۆلۆژیاو سیاسەتی بگەیەنێتە سنورە تاریک و تابۆ کراوەکان بە بێئەوەی لەوە بترسێت کە باوەڕو ئایدۆلۆژیای تەریبە بە بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات و حیزب یان نا؟!

ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بازدانێکی گەورەیە لە بواری ڕۆژنامەگەری و ئازادی نوسین و دەربڕینداو بەزاندنی ئەو سونەتە کۆنەی ڕۆژنامەکانە کە لاپەڕەی یەکەم تەرخان دەکات بۆ وێنەی سەرۆک و چالاکییەکان ، لاپەڕەکانی ناوەڕاست بۆ هونەری پیاهەڵدان ، لاپەڕەی کۆتاییش بۆ هەواڵە بێبایەخەکان !

دەبا لە ساڵیادی دەستبەکاربوونی هەموو ڕۆژنامە ئەلکترۆنییە بوێرو بەدەربەستەکاندا ئافەرین و ماندوونەبوونی لە سەربازە وون و ماندوو نەناسەکانی پشتی کیبۆردەکان بکەین .

20/06/2005

goranmad@hotmail.com